www.kurdistannet.org
9-9-2007 20:25بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ئافرەت لە نێو ڕاگەیاندنی کوردی ... هەرمان خالید

زۆرمان گوت ئافرەتیش هەمان مافی پیاوی هەیە، زۆریان داکۆکی لە یەکسانی ژن و پیاو کرد، ئەگەر لە



زۆر بوارەکان بەم یەکسانیە نەگەیشتبن، ئەوا بی هیچ گومانێك لە بواری ڕاگەیاندن پێی کەیشتن! تۆ سەیری شاشە کوردیەکان بکە، پڕیەتی لە ژن و کچۆڵەی جوان! بەڵام زۆربەیان وەك کورد گوتەنی سەر قۆزی بن ئاڵۆزن!

من زۆر بەکەمی سەیری کەناڵە کوردیەکان دەکەم، تەنیا بۆ دەنگوباس یا هەواڵێکی تایبەت بە کورد و کورستان نەبی، چونکە وا هەست دەکەم، شتێکی نوی لەوان فێر نابی! بۆ هەواڵ و دەنگوباس، ئەوا بی هیچ دودڵیەك، کەناڵە عەرەبیەکان زۆر باشترن! کەناڵە کوردیەکان، بۆ هەواڵێکی چۆمان یان کەرکوك پشت بە ئاژانسەکان دەبەستن، ئەمەش دوای ئەوەی چەند جار ئەو هەواڵە گەرم دەکرێتەوە و دەرخواردمان دەکری! یان هەواڵێکی گرنگی وەك ڕەوشی کەرکوك، بە کەمتر لە دوو خولەك تەواو دەکەن، بی ئەوەی هیچ بە دواداچوونێك یا بەرنامەیەکی لەسەر ڕێکخەن! پێچەوانەی کەناڵە عەرەبیەکان، کە لەسەر هەموو هەواڵێك کۆمەڵی بەدواداچوون و مێزگەردی لەسەر ساز دەکەن. منیش لەگەڵ ئەوەم، کە ئەوان بە شێوەی ئێمە لە کێشەی کورد ناڕوانن. بەڵام نابی خۆمان لە گێلی بدەین، ئەوان عارەبن و ئێمەش کورد، قەت هیچ عارەبێك ناتوانی یان نایەوی وەك ئێمە، داکۆکی لە کورد بکا، گەر وابوایە دونیا دەبووە دونیایەکی دی، گورگ و مەڕ پێکەوە ئاویان دەخواردەوە!

بابێینەوە سەر باسەکەی خۆمان، کچانی کورد لە تەلەفزیۆنەکان، هێندەی گرنگی بە ماکیاج و جوانکاری دەدەن، یەك لەسەر سێی ئەوەندە، گرنگی بە پیشەکەیان نادەن، لەگەڵ ڕێزم بۆیان، هەروەك تووتی ئەوەی دێتە پێشیان هەر ئەوە دەڵێنەوە. ئاخر ئەوەی هەواڵ یان بابەتەکە دەنووسی، مرۆڤە، بەو مانایەی دەکری هەڵەیەکی زمانەوانی کردبی، کە پێویستە لەسەر بێژەرەکە بە زانیاری خۆی هەڵەکە ڕاست بکاتەوە، بی ئەوەی منی بینەر پێی بزانم. لە یەکی لە تیقیە کوردیەکان، کاکی ئامادەکاری بەرنامە، دیار بوو هەڵەی کردبوو، خاڵێکی سەر بوخاری نەنووسی بوو، خانمی بێژەریش ڕێك خوێندیەوە و گوتی، سەرەتا بەخێرهاتنی مامۆستا بوحاری دەکەین! یان خانمێکی تر، بە میوانەکەی دەگوت، بە چ پێدەکەنی و بە چ توورە دەبی؟ ئاخر خوشکی بەڕێز، خۆ ئەو میوانە دەعبایەکی سەر مەریخ نیە، تا پێکەنین و توورەبوونی لە ئێمەی مرۆڤ جیاواز بی؟! یان ئەو مرۆڤێکی شازە و بە مردنی دایکی پێدەکەنی!

کاری ڕۆژنامەنووسی، جیا لە هەموو پیشەکانی تر، کارێکی گرانە، وەك دەڵێن، گەڕانە بە دوای ناخۆشیەکان! بەڵام کچانی ئێمە، ئەو کارەیان وەك فەرمانبەری وەرگرتووە! بەیانیان لە کاتی دەوام دێن و ئێوارانیش لە کۆتایی دەوام دەبی بچنەوە ماڵەوە! کچێکی کوردم نەبینی، لەگەڵ کامیرا مانەکە لە هەولێر بچێتە دەرەوە و ڕاپۆرتێك بکا، من بڕوام بەوە نیە بڵێن کۆمەڵگە ڕێ نادا، چونکە ئەگەر بە پێی پێوەرەکانی کۆمەڵگە بجولێنەوە، بێگومان هەر نەیان دەتوانی بچنە تەلەفزیۆن!

لە بەامبەردا، کچ لە کەناڵە عەرەبیەکان، لەگەڵ ئەوەی لە کۆمەڵگەیەکی زۆر لە ئێمە دواکەوتووتر دەژین، کەچی زۆر بوێر و چالاکترن. من دەبینم، کچێکی جوان کیلەی ناسك، لە کەناڵە عارەبیەکان،

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

دەچێتە ناو بەرەی شەڕەکان و ڕاپۆرت ئامادە دەکا! لەناو ئەو عارەبانە، ئافرەت چاوپێکەوتن لەگەڵ سەرۆك وەزیران یان وەزیری دەرەوەی وولاتێك دەکا، بە پرسیاران ئەو بەرپرسە ڕادەگری! پرسیاری وای لێدەکا، تووشی جۆرێك لە شۆکی دەکا، نهێنیەکانی پی ئاشکرا دەکا!

کەچی ئافرەتێکی کوردم نەبینی، بەرنامەیەکی سیاسی بەڕێوە ببا، چاوپێکەوتنێکی سیاسی بکا، ئەوەی دەیکەن، تەنیا لەگەڵ گۆرانی بێژ و ئافرەتان دەیکەن، پرسیاری لێدەکەن، بەلام چ پرسیارێك؟ حەزت لە چ خواردنێکە؟ چ ڕەنگێکت پی جوانە؟ چ گۆرانیەکی خۆت پی خۆشە؟ ئا ئەم جۆرە پرسیارانە!

بەڕای من ئەو کێشەیە، بە پلەی یەکەم، تاوانی بەڕێوەبەرانی تەلفزیۆنەکانە، چونکە ئەوان، تەنیا دەیانەوی ئافرەتێکی جوان و نازدار، لەسەر شاشەکەیان بوونی هەبی! گوی بەوە نادەن، ئەو ئافرەتانە، ڕۆشنبیرن، ڕووناکبیرن، چاوکراوەن، لێهاتوون بۆ کاری ڕۆژنامەنووسی! ئەوەی گوێی پی دەدەن، تەنیا جوانیە!

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.